# جەلال جەوهەر ناسنامەی نیشتمانییو ناپاکی دابەش دەکات!



دەرسیم دیبەگەیی
Darsim88@hotmail.com

ماوەی چەند رۆژێکە، جەلال جەوهەری ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوک، رۆژێ چەند جارێک لە سلێمانی ساتی بەناو (کوردسات)ەکەی هێرۆی برایم ئەحمەد، دەردەچێتو ڕاستو چەپ قسەی ناشرین بەو کەسانە دەڵێتو، تاوانی ناپاکی (خائین)، بەعسیو تیرۆریست دەداتە پاڵ هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بە نەخێر دەنگ بەدەستووری ئێراقی عروبە، ئیسلام، حوسێنییەو ئێراقی قوتدەری کوردستان، بدەن. جەلال جەوهەر دەڵێت: (بەشداری نەکردن یان دەنگدان بەنەخێر مانای ناپاکییەکی (خیانەتێکی) گەورەی نەتەوەییو نیشتمانییە).

هەروەها جەلال جەوهەری دابەشکەری ناسنامەی نیشتمانیو ناپاکی، زۆربەی ئەو قسانەی لە وتارێکدا کە لەلاپەڕە (8)ی کوردستانی نوێ، ژمارە (3800)، پێنجشەممە 13.10.2005دا دووبارە کردۆتەوە.

هەر دوو هەفتە لەمەوبەر بوو، مام جەلال لەکۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەی دوکان گوتی: (ئەو کوردانەی لەکەرکوکیش دەگەڕێنەوە بەلای منەوە خائینن، هیچ وشەیەکی کەمتر لە خائینیان پێناڵێم). بەگوێرەی ئەو قسەیەی مام جەلال بێت، جەلال جەوهەریش کە یەکێکە لەو کەسانەی کە زیاتر لەساڵێکە ماڵو منداڵەکانی خۆی بردۆتەوە سلێمانی، دەبێت لەهەموو کەس ناپاکتر بێت!!.

هەرکەسێک، خۆی هەر کەموکوڕییەکی هەبێت، وادەزانێت هەمووکەس، هەمان کەموکوڕی ئەویان هەیە. "چونکە لەدز وابێت، هەموو کەس دزە"، لە جەلال جەوهەری ناپاکیش وایە، هەمووکەس ناپاکە. دەگێڕنەوە کە دوو خوشکی عەرەب دەبن، هەردووکیان شوویان کردبوو. ڕۆژێک لەڕۆژان، ئەو دوو خوشکە دەبێتە ناخۆشیانو گیروگرفتی نێوانیان بەشێوەیەک تەشەنەداکات، تادەگاتە ئەو ڕادەیەی لەکۆڵان دەست لەقژی یەکتر گیربکەنو بەبەرچاوی دەرو دراوسێ سەدان قسەی ناشرین بەیەکتر بڵێن. بەتایبەتی خوشکی بچووک کە بەهیچ شێوەیەک ڕانەدەوەستاو زۆر جنێو و قسەی ناشرینی بەخوشکی گەورە کردو چەند جارێک پێی گوت: (هەی قەحپەی لەسەر پشتی وشترێ واوا لێکراو). لەنێو هەموو جنێوەکاندا، ئەو قسەیەی خوشکی بچووک زۆر کاریکردە سەر خوشکی گەورەو لەدڵی دەرنەدەچوو. خوشکی گەورە زۆر بیری دەکردەوەو تاگەیشتە ئەنجامێک کە ئەو قسەیە دەبێت چیرۆکێکی هەبێت، بۆیە خوشکەکەی ئەو قسەیەی پێگوتیە!

ساڵ هاتو ساڵ ڕۆیشت، دوای چەند ساڵێک جووتە خوشک ئاشت بوونەوە، بەڵام خوشکی گەورە دەیویست بگاتە ڕاستی، چونکە چەند ساڵێک بوو، چەندی دەیهێناو دەیبرد، نەدەچوە مێشکی کە ئەو جۆرە چالاکییانە لەسەر پشتی وشتر ئەنجام بدرێت! ئەو قسەیە ببووە مەرەقێک لەدڵیدا، بۆیە دوای ئاشتبوونەوەیان لەخوشکەکەی پرسی: (ئەرێ خوشکم، ئەوە قەیناکات ئەوەندەت لێداموو قسەی ناشرینت پێکردم، توو گۆڕی ئیمام موسای کازم، ئەگەر پێم نەڵێی، لەبەرچی پێمت گوت: هەی قەحپەی لەسەر پشتی وشترێ واوا لێکراو)، ئایا کەس هەیە بتوانێت، لەسەر پشتی وشتر کارێکی وابکات؟ ئەوەندەی بیری لێدەکەمەوە، ئەوە کارێکی مەحاڵە لەشوێنێکی وادا!

خوشکی بچووک گوتی: چیت لێبشارمەوە، بەخواو بەمەرقەدی ئیمام عەلی، چەندین جار شوانانی دێ، یەک لەدوای یەک، لەسەر پشتی وشترێ وایان لەمن کردووە، چونکە خۆم لەو شوێنە، ئەو کارەیان لەگەڵ کردووم، بۆیە پێم وابوو، لەهەمان شوێن وایان لەتۆش کردووە!

ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان ئەوانەی کە نایانەوێت دەنگبدەن بە دەستووری نوێی ئێراقی، چونکە پێیان وایە بەدەنگدان بەو دەستوورە، ڕەوایەتی بەدرێژەدان بەداگیرکردنی کوردستان دەدرێت لەلایەن دەوڵەتی عەرەبی داگیرکەری ئێراقەوە، لە جەلال جەوهەر بپرسن بۆ ناپاکمان دەکەیت! جەلال جەوهەر، پێیان دەڵێت: (لەبەرئەوەی خۆم ناپاک بوویمە، چونکە بەر لەهەموو کەسێک ماڵی خۆم بردەوە سلێمانیو زۆریش بێدەسەڵاتم، نەک نەمتوانی ئاسەواری تەعریب لە کەرکوک بسڕمەوە، وەکو چۆن مەلا بەختیار لە خانەقین 54.000 عارەبی تەعریبی دەرکردو ئاسەواری نەهێشتن، من نەک هەر سەرکەوتوو نەبووم، بەڵکو نەمتوانی تەنیا 54 عەرەبی تەعریبیش دەربکەم!